# ئەفسانەی گوڵبارانکردنی زمانی پیس .. !

**عەدالەت عەبدوڵلا**

adalat74@gmail.com

**هۆکاری بنەڕەتیی پێکداهەڵپرژانی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە، کەسی گەمژە زیاد لە پێویست باوەڕی بەخۆیەتی لەکاتێکدا کەسی ژیر لێواو لێوە لەگومان ..**

**فەیلەسوفی کۆچکردوو ( برتراند راسلّ )**

-1-

لەیادی رۆژنامەگەریی کوردیدا، زۆر بابەت و مەسەلە هەن بیانوروژێنین، زۆر کێشە و دیاردە هەن کەدیوە نەبینراو، یان نەپشکنراو، یان داپۆشراوەکانیان ئاشکرابکەین، بەڵام لەهەموویان گرنگتر، لەدیدی مندا، قسەکردنە لەسەر دیاردەیەکی نەخوازراو کەئێستا هەڵدەگرێ ناوی تریشی لێ بنرێ، ناوی – بۆ نموونە- نەخۆشی؛ نەخۆشیی بەکارهێنانی ئەو وشە و رستە زبر و توند و تاڵ و بێ لەززەتانەی کەخەریکە بەتەواوی دەبنە دیاردەیەکی نیگەرانکەری ناو رۆژمەنامەگەریی کوردی.

لەم بۆنەیەدا بەپێویستی نازانین سەرلەنوێ لەسەر خودی ئەم نەخۆشییە خۆی بدوێین، بابەتێك بیربخەینەوە کە خەڵکێکی زۆر لەنوسەران و خوێنەرانی بواری رۆژنامەگەریی کوردی لەهەر کاتێك زیاتر هەستیان بەمەترسی و هەڕەشەکانی کردووە و، ماوەیەکیشە لەسەری دەنوسن و کۆبوونەوە و سیمیناری بۆ رێکدەخەن، بەڵکو ئێمە بەزمانێکی زۆر سادەو سەرەتایی لەسەر دوو هەڵەی کوشندە، دوو گرفتی بنەڕەتی دەوەستین بەبێ ئەوەی پێویست بکا ناوی هیچ کەس و گروپێك، یان رۆژنامە و سایتێکی کوردی بهێنین. پاساوی ناونەهێنانیش زۆرە، دیارترینیان، بەمانای سادەی وشە، ئەوەیە کە؛ ئێمە قسەمان لەسەر دیاردە و نەخۆشییەکەیە بەگشتی نەك چەند کەس و کەناڵ و رۆژنامە وسایتێك، رەخنەمان لەدەرکەوتەکانیانە نەك بەرکەوتەکانیان. کاتێك ئەم هەڵوێستەش وەردەگرین پێشوەخت دەزانین لەم نوسینەدا هەقی خۆیان نادەینێ، ناتوانین هەندێ تێز و چەمك و بۆچوون هەیە وەکو پێویست وردیان بکەینەوە، بۆیە بەناچاری دەبێ لەدەرفەتی تردا و بەشێوەی ووردتر لێیان بکۆڵینەوە. مەبەستمان لەو دوو هەڵەو گرفتەش لێرەدا، یەکەمیان: رەهەندی دامەزراوەییانەی پەروەردەکردنی ئەو نەخۆشییە و بڵاوەپێکردنێتی. دووەمیان: تیۆریزەکردنی حەماسییانەی هەندێ رۆشنبیری کوردە بۆ ئازادی بڵاکردنەوە و بیروڕادەربڕین، تیۆریزەکردنێك کە - بێ ئەوەی مەرج بێت ئەو رۆشنبیرانەی ئێمە مەبەستیان بێ وابکەوێتەوە - بووەتە بونیاتی Structur فیکری بۆ تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییە و بانگەشەکردنێکی کوێرانە بۆی بەتایبەتیش لەلایەن ئەو سەکۆ میدیاییانەی کە ماوەیەکە پتر لەرابردوو دوچاری ئەو دیاردە و نەخۆشییە هاتوون.

-2-

گرفت و هەڵەیەی یەکەم ئەوەیە: لەهەندێ هەفتەنامە وبڵاوکراوە و سایتدا کە پێیان خۆشە ناویان بنێین: ( سەربەخۆ و بێلایەن و ئازاد و شتی تری لەم بابەتانە تەنانەت ئەگەر ئەم زاراوانە Term وەهەم بن و هیچیتر) هیچ وتار و هەواڵێك یان راپۆرتەهەواڵ و زانیارییەك بڵاوناکرێتەوە کە رەگەزی وروژاندنی تیادا نەبێت. ئەو وتارانەی کە کۆمەڵێك رستەی توند و زبر و رەقیان لەخۆنەگرتبێ، هیچ رەواجێکیان نابێ، تەنانەت زۆر بەئەستەم شانسی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێ لەلایەن ستاڤی ئەو جۆرە سەکۆیانەوە بشخوێنرێنەوە چ جای ئەوەی بڵاوبکرێنەوە. بە مانایەکی تر، ئەمرۆ هەر راپۆرتێك یان نوسینێ، ئەگەر بەوپەڕی راگوزاری و دەسکورتی لەزانیاریی و چەمك و قوڵایی فیکری و سیاسییشەوە نوسرابێ، هەندێ رستەو وشەی زەق و رەهاو بیرلێنەکراوی تیافڕێنەدرابێ کە – پێش هەرشتێك – لەخزمەتی ستراتیژی وروژاندن و راگرتنی وەهمی ناسنامەی بێلایەنی و سەربەخۆیی ئەو کەناڵانەدا بێت، بەئاسانی جێگەی نابێتەوە. ئەم سیستمەش کە لەو جۆرە بڵاوکراوە و سایت و هەفتەنامانەدا ئیشی پێدەکرێت زیاتر لەزیانێکی هەیە. ئەمڕۆ زیانەکانی بەتەنها لەوەدا نییە کەهەزاران لەو نوسەرانە لەماڤی بڵاوکردنەوەی نوسین لە سایت و هەفتەنامەکانیان بێبەش دەکات کە بەماخۆلانی فەزیحەخوازی و میللەتگەرێتیی Populism ئەوان نانوسن، لەوەشدا کورت نابێتەوە کە خوێنەر بەرەو شێوازێکی دیسپلینکراو و دیاریکراوی چێژوەرگرتن لەخوێندنەوە دەبا، بەڵکو خراپتر لەمانە، نەوەیەك لەنوسەرانیشمان بۆ دێنێتە گۆڕێ کە لەپێناوی بڵاوبوونەوەی نوسینەکانیان لەو سەکۆیانەدا،

لەپێناوی ئەوەی ناویان لەو روبەرانەی بڵاوکردنەوەوە دەربکەوێ،کۆی ئەو مەرجە رەمزییانەیان قبوڵ بێت و فەراهەم بکەن کە ئومێدی بڵاوبوونەوەی نوسینەکانیان دەدەنێ.

گرفتە گەورەکەش، لەدیدی مندا، ڕێك ئالێرەدایە ! ؛ لەوەدایە کە ئەم سیستمە، بەبێ ئەوەی تائێستا رەخنەیەکی جدیمان لێ گرتبێت، بەبێ ئەوەی وەکو پێویست هەستمان پێکردبێ و بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتی ئەو نەخۆشییەی ناو رۆژنامەگەریی کوردییمان خستبێتە ئەستۆ، بەشێوەیەکی دامەزراوەیی خەڵکانێکمان لەسەر مۆدێلێکی دیاریکراو لەزەوقی نوسین، دارشتنی رستە، فڕێدانی وشە، لۆژیکی بیرکردنەوە، هەقیقەخوازی، پەروەردە دەکەن. کەسانێکمان بۆ پێدەگەیەنن کەدیارترین رەگەزەکانی نوسینیان حوکمدانە، موتلەقگەراییە، تۆمەتدروستکردنە، هێرشبردنە، ناشیرین کردنە، شکاندنەوەیە، وەك چۆن، بەبارەکەی تریشدا، خۆ بەپاڵەوان و بەفریشتەکردن و بەدەمسپیکردنە، یان خۆ بەمەزڵومکردن و خۆنواندنە وەك ئەوەی کەسی فریادرەس و داکۆکیکەربێت لەماف و ئازادیی خەڵکی دی ئەمە بەبێ ئەوەی، جگە لەخۆی، هیچ هێز و گروپێك هەبێ لەم وڵاتەدا ئەم مافەی پێ دابێت بەناویانەوە قسەبکات.

ئەو دۆخە لەو سەکۆ رۆژنامەوانییانەدا – بەداخەوە - ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستێك بەرلەوەی نوسینی زۆرێك لەو جۆرە( نوسەر)انە بخوێنیتەوە، بەرلەوەی لەناونیشانەوە بگوێزیتەوە بۆ ناوەڕۆك و گەوهەر، پێشوەخت تۆ – لەوێنەی فیلم و سینەمای هیندی – دەزانی و پێشبینی دەکەیت کە کەسی (پاڵەوان)، کاکی قەڵەم بەدەست، بەچ زمان و لۆژیکێك و چ عەقڵییەت و نەغمەیەکی نوسین دەنوسێ. واتە وای لێدێت هەموو جارێ، ئەو جۆرە نوسەرانە، جگە لەتۆخکردنەوەی ئەم شوناسە نەگۆڕەی خۆیان بۆ ئێمە کەهەرگیز جێی شانازیکردن نییە وەك هەندێکیان زۆر بەکەیفەوە شانازیی پێوە دەکەن، چاوەڕوانی هیچی دییان لێ نەکەیت.

-3-

هەڵە و گرفتی دووەم – بەداخەوە - هەر بەناوی داکۆکیکردنەوە لە ئازادی بیروڕادەربڕین روودەدات. ئەم هەڵەو گرفتە لەوەدایە هەندێ رۆشنبیری ئێمە، بەبێ ئەوەی چاودێرییەکی وردی ئەو نوسینانە بکەن کەلەو جۆرە هەفتەنامە و سایتانەدا بڵاودەبنەوە، بەبێ ئەوەی لەناوەڕۆکی ئەو جۆرە هەواڵ و نوسینانە وردببنەوە کە هەندێ قوتابی بندەستی ئەو جۆرە لەپەروەردەی نوسین و کاری رۆژنامەوانی پەیڕەوی دەکەن، بەبێ ئەوەی درێژە بەو هەڵوێستە رەخنەییەش بدەن کە پێشتر لەبەرامبەر بێ حورمەتیکردن بەنوسین و رەوشتی Ethics رۆژنامەوانی هەڵگری بوون، دێین و لەتازەترین و نزیکترین دید و نیگای خودی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە، دێن و بەحەماسەتێکی تەواو سەیرەوە (کەدڵنیام بۆ نێوبانگی ئەوان زیانبەخشە و لەسەرمایەی رەمزییان کەم دەکاتەوە) داکۆکی لەپرەنسیپ و بەهایەك دەکەن کەهەموومان باوەڕمان پێیەتی، هەموومان، بەبێ جیاوازی، بەڵام بەشێوازی جیاواز، شەڕمان لەسەر کردووە و شەڕی لەسەر دەکەین، لە رۆژنامە رەسمی و نارەسمییەکانەوە، لیژنە و گروپی بۆ دادەمەزرێنین، لەسەندیکا و مینبەرەکانەوە داکۆکی لەسەر دەکەین و چاودێریمان کردووە، بەڵام کاتێك ئەو بەهاو پرەنسیپە، کەمەبەست لەئازادیی تەعبیر و بڵاوکردنەوەیە، بگاتە ئەوەی بەو رەهەندە لاستیکییە ترسناکە بکشێنرێت کە ئەو برایانە، بەو دوواییانە، دەستیان داوەتێ و بانگەواز و تیۆریزەی بۆ دەکەن، ئەوە ئیدی دەبێ بەلایانەوە ئاسایی بێ پێمان وابێت ئەو تیۆریزەکاری و بانگەوازانە دەلالەت و مانای دیکەش هەڵدەگرن، تەفسیر و تەشبیهی جیاجیامان بیردەخەنەوە کە ترسناکترینیان لەدیدی مندا ئەوەیە؛ ئەو بانگەواز و تیۆریزەکردنانە، تەواو لەفتوا دەرکردنی دینیی دەچن، فتوایەك کەلەواقعدا بەسەر هەرچی میساق و قیەمی رۆژنامەنووسی هەیە باز دەدات و حەڵاڵی دەکا کەچیدی رۆژنامەگەریی ئێمە دەرگا و پەنجەرەکانیشی لەسەر بێ ئاسترین و بێ لەززەترین جۆرەکانی ( کاری رۆژنامەنووسی و نوسین و قسەکردن و وتن) و ناشیرینترینیان بکاتەوە، هەرکات کردیشییەوە ( کە بەزیادیشەوە کردویەتییەوە) ئەوە هیچ کەس و گروپێکی دی مافی ئەوەیان نەبێ لەسەر ئەم نەخۆشییە ترسناکە بنوسن.

ئەم لۆژیکە سەیرەی ئەو برایانە پێمان دەڵێ: لێگەڕێین زمانی توندوزبریش سەروەربێ، جنێو و سوکایەتیکردنیش بوونی هەبێ، بەڵام هاوزەمان کەس بۆی نەبێ لێی بێتە بێتەدەنگ و هەڵوێستی ئیتیکییانەی لێ وەربگرێت، مافی کەس نەبێ بەناوی رای جیاوازەوە رەخنەی بکات، دەنا ئەو کەس و گروپانە هەرچییەك بن، هەردید و بۆچوونێکیان هەبێ، هێرش و هەڵمەتی ناڕەوایان نواندووەو ئازادیی ڕادەربڕینیان پێشێل کردووە، بگرە لەدواییدا شایانی هیچی تریش نین جگە لەوەی بەئارەزووی دڵ زمانی پیسی خۆمانیان تێ بەربدەین، هەرکاتێکیش کە هەڵوێستیان لێوەرگرتین و، وتاری لەم بابەتانەیان لەسەر نوسین، ئەوە

جگە لەبەکارهێنانەوەی چەکی زمان پیسی فتوا بۆ دراو، بەم دروشم و کۆجیتۆیە خۆمان دەپەڕێنینەوە: ( زمانی هەمیشە پاك، ئەفسانە، کەواتە چاوەڕێی مەبن زمانمان پاك بێت)!!!!!..

-4-

لۆژیکێکی سەیر و هەڵە لەوەدایە، کاتێك خەڵکێك دێن و تکای راگرتنی ئەو هەموو بێحورمەتییانە دەکەن لەئاست زمانی تەعبیر و نوسیندا، تۆ وایان تەفسیر بکەی هەموو ئەو خەڵکە بونەوەرگەلێکی ئەفسانەخوازن، خەڵکانێکن داوای زمانی هەمیشە پاك دەکەن، داوا دەکەن هەرهەموومان بەیەك زمان و یەك رێتم و یەك ئاستی دیاریکراوی هۆشیاری و بیرکردنەوە بنوسین. ئەو برا رۆشنبیرانەی کەهەڵگری ئەم تەفسیرەن، کە رەخنەکردنی خەمخۆرانەی ناوبەناوی ئێمە لەزمانی زبر و ناوزڕێنەر وا دەخوێننەوە، لەبری جارێك دووجار هەڵەی گەورە دەکەن، یەکەمیان: وێناکردنی ئەوانیدی دی وەك ئەوەی خاوەنی هیچ حەقیقەتێکی دیاریکراونەبن. دووەم: فەرامۆشکردنی ئەوەی کە ئەو تیۆریزە و بانگەشەکردنانەی ئەوان دەیکەن دەشێت بەنەتیجە جۆرێك بن لەجۆرەکانی شەرعییەتبەخشین بە(زمانی پیس)، لەکاتێکدا ئێمە هەموومان پێکەوە دەزانین وەزیفەیەکی بنەڕەتی و بەدیهیی Axiom رۆشنبیر چییە، دەزانین کە هیچی دی نییە جگە لە ئیشکردن لەسەر گەشەکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوە و زمان، فراوانکردنی رووبەری تەعبیر، بەهێزکردنی مەعریفەی ناولێنان لەوێنە و دیاردە و بینراوەکان، وەرگۆڕینی موفرەدە و وشە بۆ ئەو ئاستە زانستی و چەمکسازی و ئیستاتیکییانەی کەرەهەندی مەعریفییانە بەسەر وتراو و نوسراودا دادەبڕن و لەم رێگەیەشەوە مانا بەنوسەر دەدەن و رێزیش بە پرۆسەی نوسین و رۆشنبیری دەبەخشن؟!

لەلایەکی دی، هەڵەی کوشتندە هەرگیز لەوەدا نییە باوەڕت وابێ دەشێت ئەو نەخۆشییەی کایەی رۆژنامەگەریی ئێمە دوچاری گەلانی تریش هاتبێ تا بێین و نموونەی بەراوردکارییانەی بۆ بهێنینەوە، لەوەشدا نییە، وەك ئەوەی ئێکتشافێکی زانستیمان کردبێ، بڵێین: ئەو دیاردەیە هەر روودەدات و روودانیشی کارێکی حەتمییە مادام – وەك دەڵێن - هەموو کەسێك دەستی بۆ قەڵەم برد مەرج نییە نوسەر یان رۆشنبیر بێت، هەڵەکە لەوەدایە ئاکامێك لە ئاکامەکانی ئەو فتوا فکرییانە بۆ واقعی میدیایی ئێمە دواجار دەبێتە سەرچاوەی توندوتیژییە رەمزییەکان، دەبێتە ئینجیلی نوسەرە زبرنووس و ناوزڕێنەرەکان، دەبێتە کەتەلۆکێك بۆ ئەو قەڵەمانەی بەدوای سەنەدێکدا دەگەڕێن بۆ پاساودانی رق و کینەشەخسی و گرێ سایکۆلۆژییەکانیان، یان ناحەزییە تایبەتی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانیان بەرانبەر بەوانیدی. بەمانایەکی تر، ئێمە دەزانین ئەو فتوا فکرییانە دەبنە ژێرخانی مۆدێلێکی ترسناك لەنوسین کە کەمترین مەرجی نوسینیان تێدا نییە، مۆدێلێك لەنوسین و بڵاوکردنەوە کە هەر دەم هەڵدەهێنێ و دەست پێدەکا، جنێودەدات، تۆمەت فڕێدەدا، زێدەڕۆیی دەنوێنێ، دەگشتێنێ (یُعمم)، لەهەمووشیان ترسناکتر دواشتێك رێزی بگرێت بابەتیبوون و دەرنەچوونە لە سیاقی بابەت. وەك شاعیرێکی دیاری خۆشمان دەڵێ : وای لێدێ رۆژانە بریندارت دەکا و بەناوی قەڵەمەوە خەنجەرت لێدەدا.

-5-

بەگشتی، ئەو جۆرە نوسەرانە کە ئیلهام لەو فتوا فکرییانەوە وەردەگرن، کەشێکی هیچگەرایانەی Nihil ئەتۆمان بۆ دەخولقێنن تیایدا هەرجارە و تەنها یەك تایپی بیرکردنەوە و زمان باڵادەست بێ، تەنها یەك ئەخلاقی دیاریکراوی نوسین و رۆژنامەنووسی سەروەربێ و لێوەی فێر ببین، ئەویش ئەخلاقی: ناوزڕاندن، یان تۆمەت دروستکردن، یان زانیاریی هەڵە و دروستکراو، یان بوختانهەڵبەستن، یان زێدەڕۆیی، یان موتلگەرایی، یان گشتاندن، یان پەلاماردانی شەخسی، یان سوکایەتیکردن، یان دەستدرێژیی کردن بۆسەر ئەو ئابڕو و نێوبانگییەی کە تۆ وەك ئینسان هەتە و دەبێ پارێزراو بێت وهیچ کەس بۆی نەبێ پەلاماری بدات. من لێرەوە سوێند دەخۆم هەر ئەخلاقە قێزەوەنەیە وای کردووە کەدەسەڵاتداران وکاربەدەستانی ئێمە، بەتایبەتیش گەندەڵ و نابەرپرسیار و کەمتەرخەمەکانیان، بەچاوی سوك سەیر بەشێکی زۆری ئەو کایە رۆژنامەوانییانەی ئێمە بکەن کەلەبری بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان، لەبری زانیاری تەواو، لەبری وتاری بابەتی، بەدواداچوونی راستگۆیانە، زمانی پشکنین و لێکۆڵینەوە، رەخنەی مەعریفی و پشتئەستور بەهێزی مەنتق و عەقڵ، دێن و ئەم مۆدێلە ترسناکەی نوسین و تەعبیر و بڵاوکردنەوەمان بۆ دادەهێنن.

ئەگەر بەدەستەواژەیەکی دی بدوێین، دەڵێین : ئەمڕۆ ئەو دوو هەڵە و گرفتە ترسناکەیە کە دەبن و بوونەتە هۆکارێك لەهۆکارەکانی جێبوونەوەی هەموو جۆرە نوسینێکی بیللەزەت و بێ مانا و بێ کەڵك لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، تێپەڕینی هەموو وڕێنە و درۆ و تەشهیر و ناهەقییەك بەناوی ئازادیی تەعبیر و بڵاوکردنەوەوە. ئەو دوو ئاراستەیەن کە نەوەیەك لە (

نوسەر و رۆژنامەنووس)مان بۆ پێدەگەیەنن رێز لەنرخ و بەهای نوسین، لەخوێندنەوە، لەخوێنەر، لەقبوڵکردنی رای ئەوانیتر، لەرێزگرتن لەماف و ئازادیی ئەوانی دی، لەبیرکردنەوەی عەقڵانییانە، لەدەربڕینی بابەتییانە، گفتوگۆی هێمنانە، دیدی رێژەییانە نانێن و، دەیانەوێ هەموو کەسێکیش لێیان قبوڵ بکات و نایانخاتەژێر پرسیارو گومانەوە و ئەو کوفرە نەکا ڕەخنەیان لێ بگرێت. من بەداخەوە دەیڵێم: هەر ئەم جۆرە فەزا و ژینگەیەشە دواتر ئەو تەڵەزگە و قەیرانە ئیتیکیی- و پیشەییە شەرمهێنەرانەمان بۆ دەخوڵقێنن کەئەمڕۆ بەشێك لەرۆژنامەگەری و میدیای کوردیی ئێمەی تێکەوتووە.

بەکورتی لۆژیکی ئێمە ئەوەیە؛ **ئەگەر کەسانی زمان زبر و زمان پیسی کایەی میدیایی و رۆژنامەگەریی ئێمە شایستەی دەستگیرکردنی رەمەکییانە و بەندکردن نەبن ( بەو پێیەی ئەمەیان هەڵەیەکی کوشندەتر و ترسناکترە) ئەوە هەرگیز شایستەی پشتگیری و گوڵبارانکردنیش نین.**